# سیستانی نیعمەت نییە

**هیدایەت مەلا عەلی** .
hidayat_malaali@yahoo.com
July 09, 2005

**رۆژی** 2005/7/7 **جەلال تاڵەبانی سەردانی شاری نەجەفی کرد , ئەم سەردانەی تاڵەبانی سەردانێکی ئاسایی نەبوو , بەڵکو بە پێی لێدوان و هەلومەرجێك کە لە عێراقدا لە ئارادایە سەردانەکە لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا دێت بۆ دارشتنی دەستوور و بەشی هەرلایەك لەم دەووڵەت و دەسەلاتەدا , بە تایبەت مەسەلەی کەرکوك , فیدراڵیەت , دین , و چەندین بابەتی تر . هێزە پێکهێنەرەکانی سیناریۆی ڕەش و دەسەلاتی ئێستای عێراق دەرگین لە گەڵ ئەزمەیەکی قوڵی بێچارە , بۆ ساغ کردنەوەی جۆری دەووڵەت و حکوومەت و دەستوور و یاسا . تەواوی قسە و لێدوانێك کە تاڵەبانی لەم سەردانەیدا کردونی جێگای ئەوەیە بە جیدیەوە لە سەری ڕابووەستیت و قسەی لەسەر بکرێت و هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەرانبەر وەربگیرێت .**
**تاڵەبانی لە ووتەیەکیدا لە کۆنگرەی فراوانی دەستووری بە ناو زانایان و خوێندکارانی حەوزەی بە ناو عیلمی نەجەف دەڵێت "**

**ئایەتوڵلا ئەلعوزما سەید عەلی سیستانی قدس سرە و سیبەری فراوانی بەسەر هەموواندا پەخش بێت بەسەر شیعە و سونە و عەرەب و کورد و تورکمان و کلد و ئاشور و هەموو عێراقیەکان " هەرکەس ئەم دێڕە دەخوێنێتەوە تێدەگات کە تاڵەبانی تەنها بۆ پاراستنی دەسەلات و سەرۆکایەتی خۆیی وبەشی بزووتنەوەی کوردایەتی ئامادەیە,ڕەشترین هەوری سەر ژیان و گوزەرانی خەڵك بەسێبەر لە قەڵەم بدات و دوعا بکات کە سێبەری ئەم دارە تاڵە سەرانسەری عێراق بگرێتەوە , یەکەم جار نییە سەرانی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد دژی ئینسانی ترین و کۆنەپەرستانەترین کەسان بەسەر سەری خەڵکەوە بە فریادڕەس و ڕزگارکەر و خێروبەرەکەت بناسێنن . " قەزافی , ئەسەد , خومەینی , سەدام , بۆش , ئەردۆغان , سیستانی " ئەم تاوانبارانە کە دەستیان بە خوێنی هەزاران ئینسان سوورە هەمیشە وەك ئێستای سیستانی سەیر کراون و دەسەلاتی ڕەشیان سپی کراوەتەوە . سێبەری سیستانی بەمانای سێبەری دەسەلات و بیرکردنەوە و تێگەشتنی بۆ ئینسان , منالْ , ئازادی ژنان , مەزهەب , لاوان , مەدەنیەت , عەدالەت , ئیرادە و خۆشگوزەرانی ئەم سێبەرەی تاڵەبانی بە ئاواتی دەخوازێت بۆ عێراق ووهم نیە , سێبەرێك نیە خەڵکی تاقی نەکردبێتەوە , دەسەلاتێك نیە بە خەڵکی نامۆ بێت , ئەوەی لە بەشێك لە شارەکانی خوار و ناوەڕاستی عێراق دەگوزەرێت بەرئەنجامی فتواو مەرجەع بوونی ئەم سێبەرە ڕەشەیە . کوشتاری ژنان , لە خوێن هەڵکێشانی منالان لە عاشوراکاندا , کوشتن و تەقاندنەوەی فرۆشگاکانی مەی فرۆشتن , سەرکووتی سەرەتاییترین مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵك , سەپاندنی یاسا کۆنە پەرستەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران , زەواجی کاتی , سەلب کردنی ئیرادەی خەڵکی, پەردەدان بەسەر تەواوی نەهامەتی و کوێرەووەریەکانی خەڵك , سیستانی سێبەر نیە ڕەشەبایەکی ڕەش و نا ئینسانیە .**

**تاڵەبانی لە بەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێت " سیستانی نیعمەتێکە خوا بۆ عێراقی ناردووە " ئەگەر ئەم قسەیە بۆ تاڵەبانی وایە , ئەوا بۆ خەڵکی عێراق و کوردوستان وا نیە , ئەو نیعمەتەی تاڵەبانی باسی دەکات تەنها دەتوانێ نوێنەری زیندوو کردنەوەی تاڵترین دەرس و ئەزموونی ژیان بێت لە دنیادا, کە گۆشەیەکی بە چاوی خۆمان دیوومانە و بە ملیۆنەها ئینسان مەئەساتەکەیان چەشتووە , تاڵەبانی دەیەوێت بە ئیشەڵڵاو ماشەڵڵا و بە نیعمەت دانانی سیستانی پینەوپەڕۆی ئەو قڵشتە گەورەیە بکات کە هاوکێشەی هێز لە نێوانیان دروستی کردووەو ڕۆژانە خەریکن بە کۆنگرەیەکی تازە ئەوە هەڵدەوەشێننەوە کە لە کۆنگرەی ڕابوردوودا لەسەری ڕێکەووتون . ئەم نیعمەتەی کە تاڵەبانی باسی دەکات هەرگیز کێشەی ئاو , کارەبا , دەرمان , ڕیفاه , ژیان , یەکسانی , ئازادی , نەبووە . ئەم نیعمەتە تەنها نیعمەت بوونەکەی لای تاڵەبانی ئەوەیە کە دەیەوێت نموونەیەك لە دەسەلاتەکەی ڕەفسنجانی و خامەنەئی لە عێراق مسۆگەر بکات ,ئەم نیعمەتە تەنها کێشەی ئەوەیە کە ئیسلام تەنها سەرچاوەی دەستوور و یاسا بێت , نەك ژیانێکی ئینسانی و هاوچەرخ بۆ خەڵکی عێراق .سیستانی نیعمەت نیە و ئەگەر بیروباوەڕە کۆنەپەرستانەکەی بە پشتیوانی تاڵەبانی سەقامگیر بێت ئەوا دەرگای دۆزەخێکی سەخت تر بۆ ژیانی خەڵکی عێراق دەکرێتەوە .**

**تاڵەبانی لە بەشێکی تری قسەکانیدا دەڵێت " من بڕیارم داوە هەموو ئەو خەرجیانە لەو پارەدابینکراوانەی بۆ سەرۆك کۆمار تەرخانکراون کە زۆریشن ڕابگەیەنم تا خەڵك بزانن ئەو پارانە چۆن خەرج کراون و هیوادارم بەو کارەشم نموونەیەکم بۆ کەسانی دیکە پێشکەش کردبێت بۆ ئەوەی بزانن**

**پارەی گەل چۆن خەرج دەکرێت** " مەبەستی تاڵەبانی لەم قسانە ئەوە نیە کە خەڵکی عێراق ئاگاداری تەواوی داهات و ئەو پارانە بێت کە ئەوان لێی بێبەشن ,مەبەستی ئەوە نیە خەڵك چاودێری هەستیارترین کارەکانی دەووڵەت و حکوومەت بێت , بەڵکو تاڵەبانی بە ئاشکرا دەیەوێت بە سیستانی بڵێت من شەریکی ئەو کارانەم کە تۆ ئەتەوێت دایبرێژیت تەنها بەو مەرجەی جێگا و ڕێگای سەرۆکایەتیم پارێزراو بێت و پرژێکیش بەر بزووتنەوەکەمان بکەوێت , لێرەدا قسەیەك لەسەر ژیان و ئیرادە و چارەنووسی خەڵك نیە . خەڵکی کوردوستان 14 ساڵە داوا دەکەن داهاتی حکوومەت و بوودجەی ئەحزاب و چۆنیەتی خەرجی بە ملیارەها دۆلار بزانن کە جێگایان دیار نیە , بەڵام تاکو ئێستا ئەم ئاواتە نەهاتووەتە دیوو ڕۆژانە هەزاران دۆلار وەك هەڵم دەچێت بە ئاسماندا . تاڵەبانی بۆ سیستانی و حەوزە بۆ ئەوەندە دەست و دڵ کراوەیە , بەڵام بۆ خەڵکی کوردوستان هەموو شتەکان نهێنی و شاراوەیە لە پارەوە بۆ کۆبونەوەو ڕێکەووتنەکان . لە دیدی تاڵەبانیەوە خەڵکی کوردوستان دەستەمۆ کراون پێوویست ناکات لەم شتانە ئاگاداربن و وەکیلیان هەیە , ئەم قسە هیچ نیە بێجگە ملدان بە تەواوی داواکاریە کۆنەپەرستەکانی سیستانی و دار و دەستەکانی . تاڵەبانی " **بڕی 50 هەزار دۆلار بۆ قەبری ئیمام عەلی و 100 هەزار دۆلار بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا سەرف دەکات** " ئەم پارەیە کە لەلایەن تاڵەبانیەوە سەرف کراوە بۆ باشتر کردنی ژیانی خەڵکی نەجەف نیە , تەنانەت ئەو پارەیەیەی کە بۆ ئەنجوومەنی پارێزگا سەرف دەکرێت بۆ خزمەت گوزاری و دابین کردنی ئاو کارەبا نیە , بەقەدەر ئەوەی کە بۆ فراوان کردنی دەسەڵات و فریوکاری ئەو دەزگا و جێگایانەیە کە خەڵکی نەجەف بیٚ ئیرادە دەکات و دڵی سیستانی ڕازی دەکات . خەڵکی نەجەف و تەواوی عێراق و کوردوستان دەرگیرن لە گەڵ ژیانێك کە هەگیز شایستەیان نیە , بەڵام سەرانی قەومی و مەزهەبی خەریکن لە سەر پاروی دەمی خەڵك و ئیرادەیان بڕیار لە گیرفانی خۆیان دەردەهێنن و خەریکی ئەوەن چۆن مسۆگەری دەسەڵات و مەوقعیەتیان دەکەن .خەڵکی عێراق و کوردوستان ,هەموومان دەبێت بە جیدیەوە لەم قسەو سات و سەودایانە بڕوانین و ڕێگا نەدەین لە سەروی ئێمەوە نەخشەی ژیانمان بکێشرێت . ئەگەر تاڵەبانی و سیستانی دۆستی یەکن پیرۆزیان بێت , بەڵام خەڵکی عێراق و کوردوستان لەبری ئەم پەیوەندی و ڕێکەووتنە فریووکارانەیە ژیان و چارەنووس و ئایندەیەکیان دەوێت کە خۆیان دیاری بکەن , نەك تاڵەبانی و سیستانی و حەکیم و جەعفەری و بەرزانی